ئەگەر کەسێکتان بۆ خەڵکی پێشنوێژی کرد؛ ئەوا با نوێژەکە پوخت بکاتەوە چونکە کەسی لاواز ونەخۆش وخاوەن پێویستی ئامادەیە، وئەگەر کەسێکتان بە تەنها نوێژی کرد ئەوا با بە ویستی خۆی نوێژەکە درێژ بکاتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێکتان بۆ خەڵکی پێشنوێژی کرد؛ ئەوا با نوێژەکە پوخت بکاتەوە چونکە کەسی لاواز ونەخۆش وخاوەن پێویستی ئامادەیە، وئەگەر کەسێکتان بە تەنها نوێژی کرد؛ ئەوا با بە ویستی خۆی نوێژەکە درێژ بکاتەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کردووە بە پوختکردنەوەی نوێژەکان بە گوێرەی سونەت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لە نوێژخوێنانی ئامادە بوو هەیە لاشەی لاوازە وبێ توانایە، وهەیە نەخۆشە، هەیە پێویستیەکی هەیە دەبێت جێبەجێی بکات، بەڵام هەرکەسێک بە تەنها نوێژ بکات ئەوا دەتوانێت بە ویستی خۆی نوێژەکەی زۆر بخایەنێت یان کەم بخایەنێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5880